# بینیامین فرانکلین (١٧٠٦-١٧٩٠) داهێنەری دژە بروسکە



ئەندازیار
محەمەد ساڵەح فەرەج دووکانی



بینیامین فرانکلین لە (١٧)ی کانوونی دووهەمی ساڵی (١٧٠٦)ی زایینیدا لە شاری (بۆستن)ی ویلایەتی (ماساچۆست)ی ئەمێریکا لەدایک بووە. (جۆسیا فرانکلین)ی باوکی پیشەی دروستکردنی مۆم و سابوون بووە. (ئابیا فۆلگەر)ی دایکی کە ژنی دووهەمی باوکی بووە، حەڤدە منداڵی لێی بووە . فرانکلین پازدەهەم منداڵیان بووە و لە نێو کورەکانیدا لەهەموویان بچووکتر بووە. باوکی حەزی دەکرد فرانکلین پلەکانی خوێندنی تەواو کات بەڵام لەبەر کەم دەرامەتی تەنها دوو ساڵ توانی بینێرێتە بەرخوێندن لە قوتابخانەی (Boston Latin School). فرانکلین لەتەمەنی ١٠ ساڵیدا قوتابخانەی جێهێشت و تا تەمەنی ١٢ ساڵی لای باوکی کاری کرد، پاشان چووە لای (جێمس)ی برا گەورەی و وەك كرێكارێكی چاپخانە كاری دەكرد، لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا چوو بۆ ڤیلادیلڤیا و لەوێش چەند ساڵێكی لەچاپخانە بەسەربرد. ساڵی ١٧٢٤چوو بۆ لەندەن و لەوێش دووبارە دەستی دایە چاپگەری، ساڵی ١٧٢٩گەڕایەوە بۆ پێنیسلیڤانیا و رۆژنامەی (پێنیسلیڤانیا)ی دەركرد. ساڵی ١٧٤٠ ئاگردان (سۆبا)یەكی داهێنا كە تەختەی تیادا دەسووتا و بۆ خۆگەرمكردنەوە بەكاردەهات. ساڵی ١٧٤٣ دەستی دایە توێژینەوە و تاقیكردنەوە لەبواری زانستی كارەبادا. ساڵی ١٧٥٣ بووە جێگری بەرێوەبەری گشتی پۆستە. ساڵی ١٧٥٦ بووە ئەندام لە كۆڕی پاشایی لە لەندەن و لەلایەن زانكۆی ئۆكسفۆردەوە لە ئینگلتەرا بروانامەی فەخری پێ بەخشرا. ساڵی ١٧٨٥ وەك سەرۆكی ئەنجوومەنی نوێنەرانی پێنیسلیڤانیا هەڵبژێردرا.





فرانكلین وەك سیاسەتمەدار و پاڵەوانێكی نەتەوەیی ناسراوە و وەك دیپلۆماتێكی سەركەوتوو توانی پەیوەندی نێوان ئەمەریكا و فەرەنسا پتەو بكات. فرانكلین بەیەكێك لەبنیاتنەرەكانی‌ویلایەتەیەكگرتووەكانی ئەمێریكا دادەنرێت ورێبەرایەتی چالاكی سیاسی و تیۆریی كردووە و وەك داهێنەر و چاپگەر و زانا و دیپلۆمات ناسراوە. گەر وەك زانایەك سەیری بكرێت ئەوا بەگەورەترین رەمز دادەنرێت لەمێژووی فیزیادا ئەویش بەهۆی دۆزینەوە و داهێنانەكانی لەبواری كارەبادا، لەبواری رامیاریشدا بەپێشەنگی ئەوانە دادەنرێت كە بیرۆكەی (نەتەوەی ئەمێریكایان) گەڵاڵە كرد. فرانكلین سەرەڕای هەموو ئەوانە زۆر شەیدای زانست و تەكنۆلۆژیا بووە و گەلێك تاقیكردنەوە و توێژینەوەی لەو بواری كارەبادا ئەنجامداوە جگە لەداهێنانی دژە بروسكە (مانع الصواعق).

فرانكلین لەساڵی ١٧٥٢دا گەیشتە ئەو باوەڕەی كە هەورە بروسكە جۆرێكە لەكارەبای ستاتیكی،لەكاتی هەورە بروسكەدا كۆلارەیەكی هەڵدا بەئاسماندا كە بە تەلێكی گەیەنەری كارەباوە بەسترا بوو، خەریك بوو لەو تاقیكردنەوەیەدا تیابچێت. فرانكلین دژە بروسكەی داهێنا كەبریتی بوو لە تاڵە تەلێكی گەیەنەر و لە بەرزترین خاڵی سەرەوەی بیناكەوە تا خوارەوەی بە تەنیشتی دیوارەكەدا شۆر دەبووەوە و لەوێشەوە بە زەوی گەیەندرابوو، ئەم هێڵە كارەباییە هەموو بارگەكانی بەزەوی دەگەیاند و بیناكەی لە زیانی هەورە بروسكە دەپاراست.

فرانكلین (١٧)ی ئازاری ساڵی ١٧٩٠ لە (ڤێلادلیڤیا)ی پێنیسلیڤانیا كۆچی دوایی كردووە.